**بەریز ئێرکی توۆمیۆیا وەزیری دەرەوەی فنلاند**

**بابەت : داواکاری**

**بەریز ئێرکی توۆمیۆیا سەرەتا خۆشحالم بەوەی کە بەهۆی هەلسوڕان و بەتەنگەوە بوونی هاوڕی یان ودۆستانی هاوکارمەوە بەڕێزتان لە مەسەلەی دەسگیری کردنی ئێمەو مانەوەمان لە زیندانی حکومەتی ناوچەی سلیمانی ئاگادار بوونەوەو لەو بارەیەشەوە دیداری ئێمەتان بۆ مەبەست بوو .**

**بەر لە هەرشتێك بە پێویستی دەزانم کە ئاگادارتان بکەینەوە کە هۆکاری گەڕانەوەی ئێمە بۆ کوردستان بەدەر لە سەردانی ماڵەوەو دۆستانیکی خۆم هەروەها دوو پرۆژەی سەرەکیمان هەبوو کە بریتی بوون لە : دابین کردنی راپۆرتیکی دۆکیومەنتی بۆ خستنە ڕووی واقعی ئەمنی و سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و عیراق بە گشتی . چۆنکە هەروەك ئاگادارن، زۆریك لەولاتانی ئەوروپا لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردودا سەرگەرمی دارشتنی پیلانی گەڕانەوەی پەنابەرانی عیراقین. کە ئەمە بۆ ریکخراوەکەی ئێمە جیگەی هەلویست گرتن و لێ وردبوونەوەو خستنە ڕووی ئەو واقعەیە کە پیچەوانەی ئەمە نشان دەدات . بۆیە بۆ لیکولینەوە لەم مەسەلەیە ریکخراوەکەی ئیمە بریاریدا کە لیژنەیەك بنێرێتەوە بۆ کوردستان وعیراق تا بتوانن زانیاریەکی وردو واقعی لە رەوشتی ئیستەی عیراق و کوردستان بەدەست بهینن و ئەو ریگری یە واقعیایە بخەنە روو کە گەرانەوەی پەنابەران لە ئیستەدا مەحال دەکات .**

**2- هەروەها پرۆژەی دووەمان ئەوە بوو کە ئێمە ماوەیەکە دەست بەکاری کەمپینکین لە پەیوەند بە دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس کە تا ئیستە سێ سەد هەزار ئیمزای خەلکی کوردستتانمان کۆکردوەتەوەو هاروەها شەش سەد پاریزە داکۆکیان لە پرۆژەکەی ئیمە کردوە بەدەر لەوەی کە زیاتر لە هەزار کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدیب و رۆشنبیری کوردستان بە هەمان شیوە پشکیریان لە پرۆژەکەمان کردوە ... بەلام بە داخەوە بەهۆی دەسگیری کردنی خۆم و هەندێ گرفتی ترەوە کاروباری ئەم دوو پرۆژەیە هەر وا بە نیوە ناچلی مایەوەیە .....**

**بەریز ئێرکی توۆمیۆیا تاوانیك کە ئیمە کردمان و بووە هۆی هەفتەیەك زیندانی کردنمان، تەنها ئەوە بوو کە لە خۆپیشاندانیکی ئارام و مۆلەتداراوی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی دا تەنها 5 دەقیقە قسەوباسمان کرد بۆ پشتگیری لە خواستی رەوای خویندکاران . کە ئەگەر تەنها ئەمە نموونەیەکی ئەو سەدان دۆکیومەنتە بیت کە بەلگەی نیشاندانی نەبوونی ئازادی و دیموکراسی یە، بەس بیت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەموو جارو جەنجاڵەی کە سەبارەت بە ڕەوشتی ئارامی ئەم ناوچەیە دەکریت . کە دەبیت ئەوەش بلێم، بە دلنیای ئەگەر لافای ئەو سەدان نامەی حزب و ریکخراوەکانی ولاتانی ئەوروپاو دەنگی نارەزایەتی هەزاران کەسێ ئازادیخوازی عیراق وهەندەران نەبوایە بەم زووانە ئازاد نەدەکراین .**

**بەریز ئێرکی توۆمیۆیا ئیمە پاش ئازاد کردنمان شکاتنامەیەکمان لەسەر سەرۆکی حکومەتی هەریم تۆمارکرد، بە حوکمی ئەوەی کە ئیمە لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەریم دەسگیر کراین بەبی هیچ تاوانیك. ئیمە لەسەر دەربینی بیروڕای سیاسی زیندانکراین و ئەمەش پیچەوانەی هەرجۆرە ئیدعایەك لە سەربوونی ئازادی لە کوردستاندا. ئیمەیان بۆ زیاتر لە 2 سەعات یان دروسترە بلین بۆ ماوەی سێرۆژ لە زیندانا هیشتەوە بەبی هیچ لیپسرینەوەیەك. ئیمە بەبی ئەوەی کە هیچ تاوانیکمان بەسەردا ساخ بیتەوە دوای کەفالەتمان لی کرا تا ئازادمان بکەن .... بۆیە بەهیواین کە بەریزتان چ وەك وەزیری خارجی فنلاندو لیپسرینەوەو تاوتۆی کردنی حورمەت و چارەنووسی هاولایەتیەك بەدواچوون و لیکۆلینەوەی جدیتان هەبیت لەمبارەوە . هەروەها چ وەك کە دەستگیرکردنی من و شیوازی مامەلەی ئەوان بە تەواوی مانا پیشیل کردنی ماف و ئازدایە سەرەتایەکانی ئینسانە , بۆیە بەهیواین لەمبارەشەوە هەلویستی خۆتانی دیاری بکەن . هەروەها داواتان لی دەکەم کە هاوکاریمان بکەن بۆ بە ئەمجام گەیاندنی ئەو دوو پرۆژەیەی کە ئاماژەمان پێ کرد، کە بێ شك پەیوەندی بە حورمەت و ئینسانی یەتی هەموو خەلکی عیراقەوە هەیەو خەلکی فنلاندو ئەم ولاتانەش ماڤ خۆیانە کە ڕۆشنترین شێوە بە تاوانەکانی بەعس و چۆنیەتی مامەلەکردن و دادگایی کردنی سەرانی بەعس ئاشنابن و هەروەها وینەیەکی واقعی یان سەبارەت بە ڕەوشتەکانی ئەمڕۆی ماڤ مرۆڤ و ئازادیە فەردی و مەدنیەکان و بارودۆخی سیاسی هەبیت ، لە کوردستان و عیراقدا .**

**عمر بەهادین ( ناسراو بە ریبوار عارف )**

**سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

3.6.2005

عمر بهاالدين خۆشەويست!

کەشوهەوای ئێستای ناوخۆی عێراق بە چەند شێوە ئاڵۆزە، وە ئێستاش باشکردنی وڵاتەکە چەند ساڵێک دەخایێنێت. حاڵی حازر ماف و ئەمنیەتی عێراقیەکان هەمیشە بەو شێوەیە کۆتای نایەت کە هاوڵاتیانی خوازیارین. فنلاند لەگەڵ EUدا بە تەواوی پاڵپشتی ئەو پرۆژەیەیە کە حاڵی حازر لە دامەزراندنی دەستووردایە، وە پاڵپشتی بنیاتنانەوەی وڵاتە. جگە لەوەش فنلاند وەک وڵاتێکی EU بەشدارە لەچارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی (تەنگوچەڵەمەی) دەوڵەتی مەدەنیدا، کە ئامانجەکانی بریتیە لە گەشە پێدان بە خانەی داد وشکاتکەری دەوڵەت وپۆلیس وچاودێری زیندانانی عێراق.

لە بانگەوازەکەتدا بۆ من (لە 31.5.2005دا) پێشنیار دەکەیت کە هاوپشتیت بکەین لە پرۆژەکەتدا بۆ ئاشکرا کردنی هەلومەرجی ئەمنیەتی عێراق و باکوری عێراق بۆ بریاردان دەربارەی پەنابەری. بە دڵنیاییەوە مەبەستی پرۆژەکەتان باشەو بە چەند شێوە گرنگە. هانت دەدەم کە پەیوەندی بە بەشي خارجييانەوة (ulkomaalaisvirasto)ە بکەیت بۆ گەیاندنی زانیاریەکانت بەرەو پێشەوە.

هەروەها لەبانگەوازەکەتدا داوای هاوپشتیت کردوە بۆ کەمپینەکەت، کە ئامانجی دادگای کردنی صدام حسین و سەرانی بەعسە. بۆ ئەم کەمپینەتان ئمزایەکی یەکجار زۆرتان کۆکردۆتەوە. هەر وەک لە سەرەتای نامەکەمدا باسم کرد کە ئامانجی فنلاند وەک بەشێک لە EU هاوپشتی کردنی ئەو پرۆسەیەیە کە عێراق بەرەو وڵاتێکی قانونی بەرێت. بۆ دواجاریش دەبێت بریاڕی خانەی دادی عێراقێکی دیموکراتی بێت، کە چارەنووسی نوێنەرانی حکومەتی پێشوو چی دەبێت.

هەروەها داوام لێ دەکەن کە لێکۆڵینەوە بکەم دەربارەی ئەو سەرپێچیانەی بەرامبەرتان کراوا لە عێراق وە ئاگاداری داواکەتان بم. وەزارەتی دەرەوەی فنلاند کاتێک کە هەواڵی گرتنەکەتیان بیست یەکسەر دەست بەکار بوون لە ڕیی باڵوێزخانەی دیمشقەوە بۆ یەکالاکردنەوەی بابەتەکەتان. جگە لە کەناڵەکانی خۆمان هەروەها لە پەیوەندیا بووین لەگەڵ (پارتنێرەکانی) EUمانەوە، کە باڵوێزیان هەیە لەبغداد، وە لە دیمشقیشەوە ڕاستەوخۆ بۆ باڵوێزخانەی عێراق. هەروەها پاش زیندانیکردنت ڕێککەوتبووم بۆ دیداری کۆمیتەی ئەو گروپەی کە لە هەوڵی ئازادکردنتابوو، خۆش بەختانە هەواڵی ئازادبوونتان زوو گەشت، بۆیە دیداری ئەو کۆمیتەیە پێویست نەبوو. پێم باشە لەم ڕێگەیەوە ڕاستەوخۆ پێت ڕاگەیێنم کە ڕێگاکانمان بۆ یارمەتی دانی ئەو فنلاندیانەی لە عێراقدا لێیان دەقەومێت سنوری بۆ دانراوە.

هیوای باشی و سەرکەوتن بۆ ڕێکخراوە جەماوەریە ئاکتیڤەکەتان داخوازم!

ئێرکی توۆمیۆیا